Komala Party - Iranian Kurdistan
Committe in England

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی بریتانیا

# یادی مەنسووری ئەهوازی ڕێبەری بزوتنەوەی میللەتی ئەهواز بەرز ڕاگیرا

مەنسووری ئەهوازی یەکێک لە کادر و ڕێبەرانی "حزب همبستگی دمکراتیک اهواز" لە سەرەتای مانگی مارسی ئەمساڵدا بە هۆی نەخۆشییەوە گیانی لە دەس دا. "حزب همبستگی دمکراتیک اهواز" یەکێک لە لایەنەکانی ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵە. بە بۆنەی تێپەر بوونی 40 ڕۆژ لە مەرگی کاک مەنسوور وە هەروەها بە ئیعتراز بە گرتن وکوشتنی شۆرشگێرانی ئەهواز لە مانگەکانی رابردوودا، خۆ پیشاندان و کۆبوونەوەیەک لە لایەن ئەم حیزبەوە لە لەندەن سازدرا. بەیانی ڕۆژی 19ی مانگی ئاوریل ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی نەتەوەکانی ئێران لە عەرەب و تورک و کورد و... بەشداری خۆپیشاندانێک بوون کە لە مەنتەقەی خۆرهەڵاتی شاری لەندەنەوە کە گەڕەکی عەرەبنشینی ئەم شارەیە، دەستی پێ کرد. خۆپیشاندانەکە ماوەی یەک سەعاتی خایاند و بەشداربووان کاتی تێ پەڕبوون بە شەقامەکانی ئەم مەنتەقەدا بە دانی شوعاری دژی حکومەتی کۆماری ئیسلامی و لە پشتیوانی لە مافی نەتەوە بن دەستەکانی ئێران ڕق و بێزاری خویان لە کردەوە و سیاسەتەکانی دەوڵەت دەربڕی و لە کۆتایی خوپیشاندانەکەدا لە سالۆنێک کە هەر بە مەبەستی بەرێوە بردنی مەراسمی یادی کاک مەنسوور گیرا بوو، کۆ بوونەوە. ئەم مەراسمە بە وتاری کاک عەدنان سەلمان یەکێک لە ڕێبەرانی حیزبی همبستگی دەستی پێ کرد. کاک عەدنان بە هەستەوە باسی دەور و نەقشی کاک مەنسووری ئەهوازی لە بە ڕێوە بردنی ئەرکە نەتەوایەتیەکانیدا کرد و ڕۆلی ئەوی لە دامەزراندنی ئەم حیزبە و هەروەها لە ڕێگای گەشە پێدان بە تێکوشان بۆ ئازادی و سەرکەوتنی گەلی عەرەبی ئەهواز بەرز نرخاند. پاشان هاورێ ناهیدی بەهمەنی ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە لە یادی کاک مەنسوور و فیداکاریەکانیدا چەن وتەیەکی بە زمانی فارسی پێشکەش بە بەشداربووان کرد. هاوڕێ ناهید وتی کاک مەنسوور و هاورێیانی وەکو ئەو بە مەرگی خویان ژیان دەبەخشن و بیری ئازادیخوازی و ڕزگاری و عیدالەتخوازی پەروەردە دەکەن . مەرگی ئەم کەسە بەئەمەکانە کە کۆمەڵەش زۆری پێشکەش بە شۆڕشی ڕزگاریخوازی کردووە عەزممان بۆ نەسرەوتن تا سەرکەوتن جەزمتر دەکات. پاشان ئاماژەی بە یەکگرتوویی مێژووی سی ساڵی رابردووی

کورد و عەرەب لە دوای روخانی حکومەتی پاشایەتی لە ئێران کرد و یادی هەوەڵین گیانبەختکردووی تێکۆشەری عەرەب ،هاوڕێی فەرماندە "ئەبوو شاهین" ناسراو بە" فوئاە عەرەب "ی بەرز نرخاند. کاک فوئاد عەرەب لە شەڕی 24 ڕۆژەی نەوروزی خوێناوی سنەدا وەکو فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگەکانی کوردستان گیانی بەخت کرد. هاورێ ناهید ئەم روداوەی وەکو بیروەریەک لە یەکگرتوویی گەلانی ئێران لەو رۆژانەدا باس کردو وتی نمونەی ئەم یەکگرتوی ویەک بوونە ئەمڕۆ زیاتر و پتەوترە. دواتر نوێنەری رێکخراوی "گامۆ" کە تەشکیلاتێکی ئازەربایجانیە لە یادی کاک مەنسووردا قسەی کرد و پاش ئەو نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا، کاک موحەمەی میرئاوەیی پەیامێکی پێشکەش بەم یادە کرد.

بەرنامەی دوای نیوەڕوی ئەم بۆنە بۆ پەیام و وتاری ئینگلیزی تەرخان کرابوو. چەن کەس لە کەسایەتی و نوێنەری پارلمانی بریتانیا بروسکەی سەرخۆشی و پەیامی سیاسیان پیشکەش کرد. یەک لەوانە ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ "پیتر تاچر" بوو کە هەوڵی زوری بۆ نزیک کردنەوەی نێوان عەرەبەکانی دانیشتووی لەندەن و کەسایەتیە سیاسی و رۆژنامەییەکانی ئینگلیزی داوە. ئەو لە قسەکانیدا تیشکی خستە سەر هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ئێرانێکی ئازاد و عیدالەت خواز لە ئەگەری ئاڵ و گوڕەکاندا. بەرنامەکە لە ئێوارەوەختدا کوتایی پێ هات.

**کۆمیتەی تەشکیلاتی کۆمەڵە- بریتانیا**

ئاوریلی 2008








